# زاطرؤس ... هملين

له بیرمه،له بیرمه
ئەرێ باش له بیرمه، پێم وایه هەر دوێنێ بوو
نا، نا زۆر له مێژەوە بوو دەتگوت دەترسەم**!!!!**
گوتت دەترسم،
له تۆ، له دونیا، له هەموو کەس
گوتت،
بێزارم، بێزار له درۆ
ئەما
ئەما من
من مەست بووم، مەست
مەستی ئاسمان، هەستێرەکان، جوانی گۆڵەکان و ڕەنگەکان
له ناو دەریای چاوەکانتدا، له ناو گەورەیی رۆح و دڵتدا
مەست بووم**!!!!!**
ئەویندارى هەموو ڕەنگەکان بووم
هەموو ڕەنگەکان جوان و ناسک بوون
هەر ڕەنگیک بۆنی تایبەتی خۆی لێ دەهات
له هیج ڕەنگیک ترسەم نەبوو، حتی له ڕەنگی ڕەشیش
دەزانی بۆ؟
چون تۆ بۆ من وەک چیای بەرزی زاگرۆس بوویت
سیبەری بەرزی تۆ، ڕەنگی ڕەشی داپۆشی بوو
بە دڵیکی زۆر بێ ترس و بێ غەم پاڵم دابووە بە زاگرۆس
بەڵام ڕۆژێک،،ئاخ لەو ڕۆژە ڕەشە
چەندە لەو ڕەنگەیە دەترسام
ئەو ڕۆژە کە چاوەم هەڵێنا له بەهشتی دەریای چاوەکانت،
له ناو گەورەی رۆح و دڵتدا
دەرەت کردم**!!!!!**
هەر ئەو ڕۆژە زانیم کە من هەمیشە له ناو ڕەنگی ڕەشدا ژیاوم
دەزانی، دەزانی چەند دەترسم؟
نە ڕەنگیک، نە بۆنیک،نە هیوایەک، نە چیای زاگرۆسیک هەیە
کە پاڵی پێوە بدەمەوە
ئاخ، ئاخ چیای زاگرۆس بۆ وات لێ کردم؟ بۆ؟
ئایا تۆ دەزانیت، ئێستا من له ژێر ڕۆشنایی هەتاو هەست بە تاریکی ڕەنگی ڕەش دەکەم؟
1/maj/2005هێلین